# حوكمی بەكرێدانی منارەی مزگەوتەكان بۆ بورجی كۆمپانیاكانی مۆبایل

[ كردي – كوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم تأجير مآذن المساجد لشركات الاتصالات

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی بەكرێدانی منارەی مزگەوتەكان بۆ بورجی كۆمپانیاكانی مۆبایل

ئـەم پرسیارە ئـاڕاستـەی مـاڵپـەڕی ئیسلام هاوس كراوە :

**پرسیار** : ئـایا دروستـە منارەی مزگـەوتـەكـان بـەكریێ بدرێتـە یـەكێك لـە كۆمپانیاكـانـی مۆبایل بۆ ئـەوەی جهازی شـەبـەكـەی كۆمپانیاكـەیانـی لـەسـەر دابنێن ؟

**وەڵام** : سوپاس بـۆ خوای گـەورە ومیهرەبان، وە درود و صـەڵات وسـەلام لـەسـەر محمد المصطفی وئـال وبـەیت ویار ویاوەرانـی هـەتا هـەتایـە .

بـەهیـچ شێوەیـەك دروست نییـە نـاو مزگـەوت و گۆڕیان و حـەوشـەكـەی و ئـەو جێگـایـانـەی كـە سەر بـەمزگـەوتـە بكرێنـە جێگـای كڕین و فرۆشتن وبـەكرێدان بـە كۆمپانیاكان، یان بـە كارگـە و بـانكـەكان، یان هـەر كۆمپانیایـەكی تر، چونكـە مزگـەوتـەكان لـە بنـەماوە بۆ ئـەوە دروستكراوون كـە جێگـای پـەرستن و یاد وذیكری خوای گـەورە وفێربوونـی قورئـان و زانست وزانیاریـە شـەرعیـەكان بن، نـەك بكرێنـە جێگـای بـازرگـانـی وكڕین و فرۆشتن وبـەكرێدان، خوای گـەورەش فـەرموویـەتـی : ﴿ وَأَنَّ ٱلۡمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدۡعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدٗا

﴾ [ سورة الجن : ١٨ ] واتا : دڵنیابن کە: مزگەوتەکان تایبەتی خوای گەورەن، دەبێت هەر ئەوەی تێدا بپەرسترێت و ناوی کەسی تر نەکرێتە شەریك و هاوتای ناوی ئەو زاتە .

بەکرێدانی منارەی مزگەوت یان گۆڕەپان و حەوشەکانی بەمەبەستی بازرگانی پێوە کردنی لەگەڵ ئەو شیعارەی لە ئایەتەکەدا هاتووە یەك ناگرێتەوە، لە بەر ئەوە واجبە مزگەوتەکان بەدوور بن لەوەها کارێك، بۆ ئەوەی خەڵکی مەشغوڵ و سەرگەرم نەبن بە غەیری عیبادەت ویاد وذیکری خواو و پابەندبوون بە بیرکردنەوە لە ڕۆژی دوایی و صەفای دڵەکانەوە، پێغەمبەری خوداش ( صلی اللـه علیه وسلم ) لە فەرموودەیەکدا فەروویەتی : (( إنما هی لذکر الله عز وجل والصلاة وقراءة القرآن )) [ أخرجه مسلم ] واتا : مزگەوتەکان تەنها بۆ ئەوە کراوون کە یاد وذیکری خوای گەورە و نوێژ و قورئان خوێندیان تێدا ئەنجام بدرێت .

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا فەرموویەتی : (( إذا رأیتم من یبیع أو یبتاع فی المسجد فقولوا: لا أربح الله تجارتك )) [ أخرجه النسائي والترمذي وحسنه ] واتا : هەرکاتێك هەرکەسێکیتان بینی کڕین و فرۆشتن دەکات لەناو مزگەوتدا ئەوە بڵێن : خوای گەورە قازانج نەخاتە بازرگانیەکەتەوە .

دیاره بەكرێدانی منارە یان گۆڕەپان و حەوشەی مزگەوت بەشێكە لە بازرگانی كردن، ئەوەش وەك ئاماژەمان پێدا یەك ناگرێتەوە لەگەڵ مەبەستی سەرەكی بنیات نانی مزگەوتدا ..

خوای گەورەش زاناترە ..